# کوپێ چا




**کاسرین مانسفێلد**
**لە ئینگلیزییەوە: رووناك عوسمان سەعید**

ڕوزمێری فێلد لە ڕاستیدا جوان نەبوو. نا، تۆ ناتوانی پێی بڵێیت جوان. شۆخە؟ باشە، ئەگەر تۆ پارچە پارچە سەیری بکەیت... بەڵام بۆ ئەوەندە دڵڕەق دەبیت بە ڕادەیەك وات لێ بکات سەیرکردنت بۆ هەر کەسێك پارچە پارچەیی بێت؟ ئەو کچێکی گەنج، گەشاوە، زیاد لە پێویست لەسەر مۆدە، جلوبەرگ کەشخە، بە شێوەیەکی سەرسوڕمێنەر خوێنەری نوێترین کتێب بوو، ئاهەنگەکانی بریتیبوون لە تێکەڵەیەکی دڵخۆشکەر و جوان لە کەسانێکی گرنگ و.. هونەرمەندان -کەسانی سەرنجڕاکێش، هەڵبژاردەکانی خۆی، کە هەندێکیان زۆر ترسناك بوون ئەگەر بە وشەکان باسیان لێوە بکەین، بەڵام ئەوانی دیکە بە تەواوی شێوە جوان و هۆش فڕێن بوون.

ڕۆزمێری ماوەی دوو ساڵ بوو شووی کردبوو، کوڕێکی بچکۆلانەی هەبوو، نەخێر، پیتەر نا -میشێل. مێردەکەی زۆری خۆش دەویست. هەردووکیان دەوڵەمەند بوون، دەوڵەمەندی ڕاستەقینە، نەك تەنها کەسانێك بن لە ژیانێکی باشدا بژین. دەوڵەمەندییەکی لە ڕادە بەدەر و ژیان تاڵکەر بوو، هەروەك ژیانی پڕ بێزاریی باپیرە و نەنکمان. ئەگەر ڕۆزمێری بیویستبایە بازاڕ بکات دەچوو بۆ پاریس هەروەك من و تۆ چۆن دەچین بۆ شەقامی بۆند. ئەگەر بیویستبایە گوڵ بکڕێت، سەیارەکە لەو دوکانە نایابەی شەقامی ڕیجێت دەوەستا، ڕۆزمێریش لە ناو دوکانەکەدا تەنها بە سەرسوڕمانەوە سەیری گوڵەکانی دەکرد و تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی نامۆوە دەیگوت: "من ئەمانە و ئەوانە و ئەوانەم دەوێت، چوار چەپکە گوڵم لەمانەو لەوانە بدەرێ. ئەم گوڵدانە پڕ لە گوڵەش. بەڵێ، هەموو گوڵەکانی ناو گوڵدانەکەم دەوێت. نەخێر، نا، گوڵی لایلەك نا-ڕقم لە گوڵی لایلەکە، گوڵێکی بێ شێوەیە (هەرچەندە گوڵێکی شێوە پیازیشە). ئەو گوڵە سوورو سپییانەش" پاشان ڕۆزمێری دوکانەکەی جێدەهێشت و کچێکی باریکەلەی دوکانەکە، کە لە ژێر چەپکێك گوڵی گەورەی بە کاغەزێکی سپی پێچراوەوە ئەمدیوو و ئەو دیووی دەکرد هەروەك ئەوەی منداڵێکی بچووکی لە کراسێکی گەورەدا هەڵگرتبێ و تا سەیارەکە بە دوایدا دەڕۆیشت.

ئێوارەیەکی زستان، هەندێ شتی کۆنی نایابی لە دوکانێکی بچووکی شەقامی کیرزون کڕیبوو. ئەوە ئەو دوکانە بوو کە ئەو حەزی لێ دەکرد. تەنها لەبەر یەك شت، ئەویش لەوانەیە ئەو شتە بێت کە هەر یەکێ لە ئێمە بۆ خۆی هەڵدەگرێت، خاوەن دوکانەکەش بەشێوەیەکی بێمانایانە حەزی بە خزمەتکردنی دەکرد و بە دەوریدا دەهات. هەر کە ڕۆزمێری خۆی بکردبایە بە دوکانەکەیدا (ئەو) خەندەو خۆشی بە سیمایەوە دەردەکەوت. هەردوو دەستی خۆی دەگرت، ئەو ئەوەندە خۆشحاڵ بوو بەو سەردانە بەشێوەیەك کە بە دەگمەن قسەی دەکرد. خۆبردنە پێشەوەیە، بێگومان. هەموو ڕەفتارەکانی وەکو یەك وابوو، شتێك هەبوو...

"دەزانی، خانمەکەم " ئەو بە دەنگێکی پڕ لە ڕێز و هێواشەوە دەستی بە ڕوونکردنەوە دەکرد: "من شتەکانم خۆش دەوێت، من زیاتر حەز بەوە دەکەم شتەکانم لا بمێنێتەوە لە بری ئەوەی بیانفرۆشم بە کەسێك کە نرخیان نەزانێت، کەسێك خاوەنی ئەو هەستە جوانە بێت کە ئێستاکە زۆر کەمە"، ئینجا هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشاو بە سەری پەنجە زەردهەڵگەڕاوەکانی دەستی دەکرد بە بڵاوکردنەوەی پارچە قوماشێکی چوارگۆشەی قەیفەی شین بەسەر شووشەی سەر کەوانتەرەکەدا .

ئەمرۆ تەنها سندوقێکی بچووك بوو، ئەو تەنها بۆ ئەوی هەڵگرتبوو. هەروەك ئەوەی بڵێت پیشانی کەسی نەداوە. سندووقێکی بچووکی بەمینا ڕووکەشکراوی زۆر جوان، دەتگوت لە کرێمدا سوورکراوەتەوە. لەسەر سەری سندووقەکە کوڕێکی بچووك لەژێر دارێکی گوڵداردا وەستابوو، کچێکی لەو بچووکتریش دەستی لە ملی کردبوو. شەپقەکەی، لە ڕاستیدا لە سەرە دەرزییەك گەورەتر نەبوو، بەسەر لقەکاندا قردێلەی سەوز هەڵواسرابوو. هەورێکی پەمەیش وەکو پەرییەکی وریا بەسەر سەریانەوە بوو، ڕۆزمێری دەستەکانی لە دەستکێشە درێژەکەیدا دەرکرد، ئەو هەمیشە کە بییەوێت سەیری شتێکی ئاوا بکات و لێی ورد ببێتەوە دەستکێشەکانی دادەکەنێت. بەڵێ، ڕۆزمێری زۆر حەزی لەو سندووقە کرد، بە پەرۆشەوە شەیدای بوو، دەبێ بیکڕێت. پاشان سندووقە زەردەکە دەکاتەوەو دادەخات، ڕۆزمێری زۆر حەزی بە سەیرکردنی جوانیی دەست و پەنجەکانی خۆی دەکرد کاتێ کە لەسەر قەیفە شینەکەدا دایدەنا. دوکاندارەکە، لە هەندێ لایەنی تاریکی مێشکیدا لەوانەیە زیادڕەوی بکات و بیر لە هەمان شت بکاتەوە. قەڵەمێك هەڵدەگرێ و خۆی بەسەر کەوانتەرەکەدا دەچەمێنێتەوە، پەنجە زەردو بێ خوێنەکانیشی بە ترسێکەوە دەخشێنێت بەرەو دەستە پەمەیی و درەوشاوەکانی ئەو، لە کاتێکدا کە بە نەرمییەکەوە دەیچرپاندو دەیگوت "ئەگەر بتوانم و ڕێگە بدەم بەخۆم لە جیاتی تۆ لە گوڵەکانی سەر سنگی

کچە بچکۆلانەکە هەڵبژێرم"

"سەرنجراکێش و سەرسوڕمێنەرن!" ڕۆزمێری حەزی لە گوڵەکان کرد، بەڵام نرخەکەی چەند بوو؟ لەوکاتەدا لەوە دەچوو کە دوکاندارەکە گوێی لێ بووبێت. پاشان دەنگێکی هێواشی پێ گەیشت "بیست و هەشت گنیی، خانمەکەم."

"بیست و هەشت گنیی" ڕۆزمێری هیچی تری نەگوت، سندووقە بچکۆلانەکەی لە خوارەوە دانا، دەستکێشەکانی دووبارە توونڎ کردەوە. بیست و هەشت گنیی — تەنانەت ئەگەر یەکێك دەوڵەمەندیش بێت... ڕۆزمێری زۆر سەیر دیار بوو، بە وردییەوە دەیڕوانییە کترییەکی خڕ لە دوورەوە، کە وەکو مریشکێکی خڕیلانە وابوو بەسەر سەری دوکاندارەکەوە، پاشان بە دەنگێکی ئەفسووناوییەوە گوتی، "باشە بۆمی دابنێ —دەتوانی؟ -من هەڵدەستم بە..."

بەڵام دوکاندارەکە تازە خۆی چەماندبۆوە، هەروەك ئەوەی دانانی ئەمە بۆ ئەو تەنها شتێك بێت کە هەر مرۆڤێك بتوانێت بیخوازێت. ئەو حەز دەکات، بەدڵنیاییەوە ئەوە هەڵبگرێت بۆ ئەو هەتا هەتایە.

دەرگا بێ دەنگەکە بە تەقەیەکەوە داخرا. ڕۆزمێری لە دەرەوە لەبەردەمی دوکانەکەدا وەستابوو دەیڕوانییە دەمەو ئێوارەیەکی زستان. باران دەباری، لەگەڵ بارانەکەشدا لەوە دەچوو تاریکییش باڵ بەسەر شارەکەدا بکێشێ، تاریکییەك هەروەك خۆڵەمێش، بەخێرایی دەکەوتە خوارێ. تامی تاڵییەك لە هەواکەدا هەبوو، گڵۆپە تازە داگیرساوەکانیش غەمبار دیار بوون. ڕووناکیی ماڵەکانی ئەوبەرەوە هەموو غەمبار بوون. بە نهێنی سوتانیان لە پەشیمانییان بۆ شتێك دەچوو. خەڵکی بە خێرایی تێپەڕ دەبوون، لە ژێر چەترە ناشیرینەکانیانەوە خۆیان حەشار دابوو. ڕۆزمێری هەستی بە ئازارێکی نامۆکرد. دەستی خستە ناو ملپێچە فەرووەکەی سەر سنگی. خۆزگەی خواست کە سندووقە بچکۆلەکەشی پێ بوایە. بەدڵنیاییەوە، سەیارەکەی لەوێ بوو بۆ هەڵگرتنی. تەنها دەبوو شۆستەکەی ببڕیبایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر چاوەڕوان بوو. چەند ساتێك هەیە، چەند ساتێکی سامناك لە ژیاندا، کاتێك کە هەر یەکێ لە ئێمە لە پەناگەیەکەوە سەیری دەرەوە بکات، ئەوە شتێکی زۆر ناخۆشە! دەبێ ڕێگە بەو جۆرە هەستانە نەدەین. پێویستە بگەڕێینەوە ماڵەوە و چایەکی نایاب بخۆینەوە، بەڵام لەو ساتەدا کە بیری لەوە دەکردەوە کچێکی گەنج، باریکەلە، ڕوو تاریك، شێوە سێبەری -ئەوە لە کوێوە هات؟- لەلای قۆڵی ڕۆزمێرییەوە وەستا، بەدەنگێك کە لە ئاخ دەچوو، هەروەکو ئاخهەڵکێشانێك، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: "خانمەکەم، دەتوانم بۆ ساتێك بتدوێنم؟"

"قسە لەگەڵ مندا بکەی؟" ڕۆزمێری ئاوڕی دایەوە. بوونەوەرێکی بچووکی سپیکەلانەی چاو گەورەی بینی، کچێکی زۆر گەنج بوو، لەخۆی منداڵتر بوو، بە دەستە سووربووەکانییەوە خۆی بە یەخەی قاپوتەکەیدا هەڵواسیبوو هەروەك ئەوەی ئا ئێستا لە ئاو هاتبێتە دەرەوە.

«خ......خانمەکەم»، بە دەنگێکی لەرزیووەوە گوتی «دەتوانی پارەی کوپێك چام بدەیتێ؟»

«کوپێك چا؟» شتێکی سادەو ڕاستگۆییەك لەو دەنگەدا هەیە، لە دەنگی سواڵکەر نەدەچوو. «بۆ تۆ هەر هیچ پارەیەکت پێ نییە؟»، ڕۆزمێری پرسیاری کرد.

«نەخێر خانمەکەم»، لە وەڵامدا گوتی.

«چەند شتێکی سەیرە!»، ڕۆزمێری لەو تارماییەدا بە وردییەوە سەیری دەکرد، کچەکەش لە دواوە سەیری ڕۆزمێری دەکرد.

«ئەمە شتێکی زیاد لە پێویست سەیرە!» بەڵام لە پڕێکدا وەکو ڕووداوێکی سەیر هاتە بەرچاوی ڕۆزمێری، ئەمە وەکو ڕووداوێکی یەکێك لە ڕۆمانەکانی دستۆیڤسکی دەچوو، ئەم بەیەکتر گەیشتنە لەم ئێوارەیە درەنگەدا..

به بیریدا هات کچەکە بەرێتەوە ماڵەوە. وا بەمێشکیدا هات بەکارێك هەڵبستێت وەکو ئەوەی کە هەمیشە دەیخوێنێتەوە یان لەسەر شانۆ دەیبینێت. ئەمە شتێکی خۆش دەبێت. پاشان گوێی لەخۆی بوو کاتێ کە ئەو ڕووداوەی بۆ سەرنجڕاکێشانی هاوڕێکانی دەگێڕایەوە: «زۆر ئاسایی لەگەڵ خۆمدا بردمە ماڵەوە» لە کاتێکدا هەنگاوی بەرەو پێش دەبرد بە کەسە نامۆکەی تەنیشتی گوت «لەگەڵمدا وەرە بۆ ماڵەوە بۆ خواردنەوەی چا».

کچەکە بەسەرسوڕمانێکەوە هەنگاوی بەرەو دواوە نا. بۆ ساتێك تەنانەت لە لەرزینیش کەوت. ڕۆزمێری دەستێکی دەرکردو خستییە سەرشانی و بە خەندەیەکەوە گوتی، «بەڕاستیمە» هەستی بەوە کرد کە خەندەکەی چەند سادەو پڕسۆز بوو. «بۆ ناتەوێ؟». «ئێستا وەرە ناو سەیارەکەمەوەو لە ماڵەوە چایەکەت بخۆرەوە».

«تۆ- تۆ بەڕاستت نییە، خانمەکەم»، کچەکە ئەمەی گوت لە کاتێکدا کە ئازارێك لە دەنگیدا بەدی دەکرا.

«بەڵام من بەڕاستمە»، ڕۆزمێری دەنگی بەرز کردەوە. «دەمەوێ تۆ، تۆ دڵخۆشم بکەی، وەرە بابڕۆین».

کچەکە پەنجەکانی خستە ناو دەمییەوە و بە چاوەکانی خەریك بوو ڕۆزمێری دەقۆزتەوە. «تۆ_تۆ من نابەیت بۆ بنکەی پۆلیس؟!» ڕۆزمێری دایە قاقای پێکەنین. «بۆ دەبێ من ئەوەندە دڵڕەق بم؟ نەخێر من تەنها دەمەوێ گەرمت بکەمەوە و گوێبگرم لە هەر شتێك تۆ حەز بکەیت پێمی بڵێیت».

کەسانی برسی زۆر بە ئاسانی بەڕێوە دەبرێن. خزمەتکارەکە دەرگای سەیارەکەی کردەوە، ساتێکی کەم دوای ئەوە هەردووکیان لە تاریکاییەکەدا ون بوون.

«ئا لەوێ !»، ڕۆزمێری گوتی. هەستی بە خۆشی و سەرکەوتن دەکرد لە کاتێکدا کە دەستی بەسەر قایشە نەرمەکەدا برد، لە ناخەوە دەیگوت، «ئێستا تۆ هی خۆمی، ئا لەو کاتەدا بە وردی دەیڕوانییە ئەو نێچیرە بچکۆلانەیەی گرتبووی، بەڵام ئەو مەبەستەکەی خراپ نەبوو، بەڵکو سۆزو بەزەیی بوو. ئای، زیاتر بوو لە سۆز. ئەو دەیوویست بۆ ئەو کچە بسەلمێنێ، کە شتی زۆر خۆش لە ژیاندا ڕوودەدات، ئەو دایکە فریشتەییانە ڕاستن، ئەو کەسە دەوڵەمەندانە خاوەنی دڵن، ئەو ئافرەتانەش خوشك بوون. بە پەرۆشێکەوە ئاوڕی دایەوەو گوتی: «مەترسە، پاشان مەترسیی بۆچییە؟ ئێمە هەردووکمان ئافرەتین. من زۆر بەختەوەرم، تۆش پێویستە وا بیر بکەیتەوە».

بەڵام خۆشحاڵانە لەوکاتەدا، کە نەیدەزانی چۆن ڕستەکان کۆتایی پێ بهێنێ، سەیارەکە وەستا. لە جەڕەس درا، دەرگاکە کرایەوە، بە شێوازێکی جوان و پارێزەوە لە ساتێکی پڕ شەرمدا، ڕۆزمێری کچەکەی بردە ناو هۆڵەکەوە. گەرمی، نەرمی، ڕووناکی، بۆنی خۆش، ئەمانە هەر هەموویان ئاسایی بوون بەلایەوە، تەنانەت هەر بیری لێ نەکردۆتەوە، سەیری کچەکەی دەکرد، شتێکی جوان بوو. لە کچێکی بچکۆلانەی دەوڵەمەند دەچووکە لە دایەنگەیەکدا بێت، کاتێ کە هەموو کانتۆرەکانی بۆ کراوەبێت و هەموو سندووقەکانیشی بۆ هەڵدرابێتەوە.

«وەرە، وەرە سەرەوە» ڕۆزمێری گوتی، بەپەرۆش بوو بۆ دەستکردن بە پیشاندانی خووڕەوشت بەرزی. «وەرە سەرەوە بۆ ژوورەکەم»، ئەمە بێجگە لەوەی ئەو دەیوویست ئەو شتە بچکۆلانەیە لەبەرچاو وردبوونەوەی خزمەتکارەکان لابەرێت. لەکاتێکداکە بەسەر قادرمەکاندا سەردەکەوتن بڕیاریدا کە تەنانەت زەنگ بۆ جینیش لێ نەدات، بەڵکو خۆی شتەکان لەخۆی بکاتەوە. گەورەیی ئەو لەوەدا بوو کە ئەمە ئاسایی بێت!

«لەوێ؟» ڕۆزمێری دیسانەوە دەنگی بەرزکردەوە، کاتێ کە گەیشتنە ژوورێکی خەوتنی گەورە و قەشەنگ، پەردەکان دادرابوونەوە. ڕەنگی ئاگرەکە لەسەر مۆبیلیاتە گرانبەهاکەیدا ڕەنگی دەدایەوە، سەرین و گۆشە ئاڵتوونییەکانی لەگەڵ گوڵە بەهارییە پێش وەختەکان و ڕایەخە شینەکەدا هاوئامێز بوون.

کچەکە لەناو دەرگاکەدا وەستا، لەوە دەچوو سەری گێژ بخوات، بەڵام ڕۆزمێری گوێی بەوە نەدا.

«وەرە ژوورەوە دابنیشە» بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی، کورسییەکی گەورەی بۆ ڕاکێشایە لای ئاگرەکە. «لەم کورسییە نەرمەدا، وەرە دابنیشە با گەرمت بێتەوە، تۆ زۆر سەرمابردو دیارییت».

«ناوێرم، خانمەکەم» کچەکە گوتی، تۆزە تۆزە دەگەڕایەوە دواوە.

«دەی، بەیارمەتیت» ڕۆزمێری بە خێراییەوە هاتە پێشەوە «پێویستی بە ترس نییە، پێویست ناکات، بە ڕاست. دابنیشە، کە شتەکانیشم لە خۆم کردەوە و خۆم گۆڕی دەچینە ژوورەکەی ترو چایەکەت بخۆرەوە و گەرم دەبیتەوە، بۆچی دەترسیت؟» بە نەرمییەکەوە تۆزێ پاڵی نا بە بوونەوەرە باریکەکەداو خستییە سەر کورسییەکە.

بەڵام وەڵام نەبوو. کچەکە چۆن دانرابوو هەروا مایەوە، هەردوو دەستی لەم لاو ئەو لای کورسییەکە بوو، دەمیشی تۆزێ کرابۆوە، بۆ ئەوەی زیاتر ڕاستگۆ بین، لە کەسێکی تا ڕادەیەك (گەمژە) دەچوو، بەڵام ڕۆزمێری گوێی نەدایە. بەسەر کچەکەدا لار بۆوەو گوتی «ئەو شەپقەیەت داناگریت؟ قژە جوانەکەت هەر هەمووی تەڕە. بەبێ شەپقەش زیاتر هەست بە ئیسراحەت دەکرێت، وا نییە؟».

چرپەیەك بیسترا وەکو ئەوە وابوو بڵێ «زۆر باشە، خانمەکەم». شەپقە هەرزەکارییەکە دانرا.

«ڕێم بدە با یارمەتیت بدەم لە دانانی قاپوتەکەشتدا»، ڕۆزمێری گوتی.

کچەکە هەڵستایە سەرپێ، بەڵام بە دەستێکی کورسییەکەی گرتبوو لە کاتێکدا کە ڕۆزمێری قاپوتەکەی لێ دادەکەند. ئەمە بە تەواوی کارێکی گران بوو. کچەکە زۆر بەکەمی یارمەتیی ڕۆزمێری دا لەو کارەدا. دەتگوت منداڵەو بەولاو ئەولادا دەکەوێ، بیرۆکەیەك بە مێشکی ڕۆزمێریدا هات و گوتی، ئەگەر خەڵکی بیانەوێت یارمەتی بدرێن دەبێ تۆزێ کاردانەوەیان هەبێ: تۆزێك، تەنها تۆزێك، دەنا لە ڕاستیدا کارەکە زۆر قورس دەبێت. ئەی ئەو ئێستا چی لەو قاپوتە بکات! خەریك بوو دەچووە لای ئاگردانەکەو جگەرەیەك دابگیرسێنێ کاتێ کە کچەکە بە خێراییەوە، بەڵام زۆر بە نزمی و نامۆییەوە، گوتی: «زۆر داوای لێبوردنت لێ دەکەم، خانمەکەم، بەڵام من خەریکم دەبورێمەوە. ئەگەر شتێکم نەدەیتێ دەبورێمەوە».

«بۆ خاتری خوا، چەندە بێ مێشکم !» ڕۆزمێری بە پەلە چووە لای زەنگەکە.

«چا ! دەستبەجێ چا ! خێراو دەستبەجێ هەندێ شەرابیش بێنن!»

خزمەتکارەکە ڕۆیشت، بەڵام کچەکە تۆزێ توانیی دەنگ بەرز بکاتەوەو بڵێ «نەخێر، من شەرابم ناوێت، من هەرگیز شەرابم نەخواردۆتەوە. تەنها کوپێك چام دەوێت، خانمەکەم»، ئینجا دەستی کرد بە فرمێسك ڕشتن.

ئەمە ساتێکی سامناك و جوان بوو. ڕۆزمێری لە تەنیشت کورسییەکەیدا بەچۆکدا هات.

«مەگری، شتە بچکۆلانە گوناهەکە»، ڕۆزمێری گوتی. «دە مەگری»، ئینجا دەسرە چنراوەکەی خۆی پێدا. بەڕاستی ئەو بە وتەکانی کچەکە کار تێکراو بوو. قۆڵی بە دەوری ئەو شانە لاوازوشێوە باڵندەییانەدا هێنا.

ئێستا، هەرچۆنێك بێت کچەکە شەرمی بیرچۆتەوە، هەموو شتێکی بیرچۆتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە هەردووکیان ئافرەتن، بە هەنسکەوە گوتی: «ناتوانم هیچی تر بەم شێوەیە بم. بەرگەی ئەوە ناگرم دەبێ چارەیەك بۆخۆم بدۆزمەوە. هیچی تر بەرگە ناگرم».

«پێویستە وانەبیت. من ئاگام لێت دەبێت، هیچی تر مەگری. نابینی چەند شتێکی باش بوو کاتێ کە بە من گەیشتی؟ چا دەخۆین و تۆش هەموو شتێکم پێ دەڵێی. منیش شتێك ڕێك دەخەم. بەڵێنت پێ دەدەم. تکایە واز لە گریان بێنە. ئەمە زۆر هیلاکت دەکات، تکایە».

ئەویش بە قسەکەی ڕۆزمێری وازی لە گریان هێنا، بۆ ئەوەی ڕۆزمێری بەرزبێتەوە پێش ئەوەی چایەکە بێت. ڕۆزمێری مێزێکی هێنایە نێوان هەردووکیان. ڕۆزمێری ئەو بوونەوەرە بچکۆلانەی داباراند بەشت، هەموو

جۆرە لەفەیەك، هەموو جۆرە نان و کەرەیەك، هەر کە کوپەکەی بەتاڵ دەبۆوە بۆی پڕ دەکردەوە لە چا، کرێم و شەکر. خەڵکی هەمیشە دەڵێن شەکر وزە بەخشە، بەڵام خۆی هیچی نەخوارد، جگەرەی کێشاو بە مەبەستەوە و بە زیرەکانە چاوی دوور دەگرت بۆ ئەوەی کچەکە هەست بە شەرم نەکات.

بەڵام لە ڕاستیدا کاریگەریی دیمەنی ئەو نانخواردنە گەورە بوو، کاتێ کە مێزی چا خواردنەکە لابرا بوونەوەرێکی نوێی درەوشاوە و بێ هێزی خاوەن قژێکی تێکئاڵاو، لێو تۆخ، ناخ پڕو چاو کاڵ بە شێوازێکی نەرم پاڵی بە کورسییەکەدا دا، سەیری ئاگرەکەی دەکرد. ڕۆزمێری جگەرەیەکی تازەی داگیرساند، کاتی دەستپێکردن بوو. «کەی تۆ دوایین ژەمت خواردووە؟» بە نەرمییەوە پرسیاری کرد.

بەڵام لەو کاتەدا دەسکی دەرگاکە جوڵێنرا.

«ڕۆزمێری، دەتوانم بێمە ژوورەوە؟»..... فیلیپ بوو.

«بە دڵنیاییەوە».

ئەو هاتە ژوورەوە. «ئای، بم بەخشن». ئەمەی گوت و وەستا سەیری دەکرد.

«زۆر ئاساییە»، ڕۆزمێری بە خەندەیەکەوە گوتی، «ئەمە هاوڕێمە، خاتوو......».

«سمس، خانمەکەم»، کچە بێهێزەکە گوتی، بەڵام بەشێوەیەکی سەرسوڕمێنەر هێمن بووبووەو نەدەترسا.

«سمس، ڕۆزمێری گوتی «با هەندێ قسە بکەین».

«ئا، بەڵێ»، فیلیپ گوتی، «بە دڵنیاییەوە»، لەوکاتەدا چاوەکانی کەوتە سەر قاپوت و شەپقەکە کە لەسەر زەوییەکەدا فرێدرابوون. هاتە نزیك ئاگرەکەوەو پشتی تێکرد. «ئێوارەیەکی ناخۆشە»، بە سەیرکردنێکی وردەوە ئەم قسەیەی کرد، تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە سەیرکردنی ئەو کچە لاوازە، سەیری دەست و پوتەکانی دەکرد، پاشانیش سەیری ڕۆزمێری دەکردەوە.

«ڕاستە، وا نییە؟» ڕۆزمێری بە گەرمییەوە گوتی، «بێمانایە».

فیلیپ بە خەندەیەکی سەرسوڕمێنەرەوە پێکەنی. «لە ڕاستیدا»، ئەو گوتی «ویستم بۆ ساتێك بێیت بۆ کتێبخانەکە، دەتوانی؟ تۆ بڵێی خاتوو سمس بمانبوورێت و ڕێگەمان پێ بدات؟»

چاوە گەورەکانی سمس بەرز بوونەوە بۆ سەیرکردنی، بەڵام ڕۆزمێری لە بری ئەو وەڵامی دایەوە. «بە دڵنیاییەوە ڕێگە دەدات»...بە یەکەوە چوونە دەرەوەی ژوورەکە.

کاتێ کە بەتەنها بوون «من دەڵێم»، فیلیپ گوتی «پێم بڵێ، ئەو کچە کێیە؟ ئەمە هەمووی مانای چییە؟»

ڕۆزمێری، پێکەنی، بەلای دەرگاکەدا شکایەوەو گوتی: «من لە شەقامی کیرزۆنەوە هێناومە، بەڕاستی، ئەو دەروازەیەکی ڕاستەقینەی منە، داوای پارەی کوپێ چای لێ کردم، منیش لەگەڵ خۆمدا هێنام».

«بەڵام بۆ خاتری خوا ئەوە تۆ چی دەکەی لەگەڵ ئەودا»، فیلیپ هاواری کرد.

« باش بە لەگەڵیدا»، ڕۆزمێری بەخێرایی گوتی، «زۆر باش بە لەگەڵیدا، ئاگات لێی بێ، نازانم چۆن، تا ئێستا قسەمان نەکردووە، بەڵام بۆی پیشان بدە مامەڵەی لەگەڵدا بکە وای لێ بکە هەست بکات».

« خۆشەویستەکەم»، فیلیپ گوتی «تۆ بە تەواوی شێتی، دەزانی، ئاساییە کە ئەوە ناتوانرێت بکرێت».

«دەمزانی تۆ وا دەڵێیت»، ڕۆزمێری بە خێرایی گوتی، «بۆ نا؟ من ئەوەم دەوێ. ئەوە هۆ نییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەمیشە دەربارەی ئەوە دەخوێنینەوە، بڕیارم دا».

«بەڵام، فیلیپ سەری جگەرەکەی شکاندو بە هێواشییەوە گوتی، ئەو لە ڕادە بەدەر جوانە».

«جوانە؟» ڕۆزمێری زۆربەلایەوە سەیر بوو، ڕەنگی گۆڕا. «تۆ وا دەزانی؟ من — من هیچ بیرم لەوە

نەکردبۆوە»·

«خوایە گیان!»، فیلیپ شقارتەیەکی داگیرساند، «ئەو بێگومان جوانە· جارێکی دیکە سەیری بکەرەوە، ئازیزەکەم· من کاتێ کە هاتمە ژوورەکەتەوە مەست بووم هەرچەندە — من لەو بڕوایەدام تۆ هەڵەیەکی گەورە دەکەیت· ببوورە، ئازیزم، ئەگەر دڵرەق بووبێتم، بەڵام ڕێم پێ بدە بزانم خاتوو سمس نانی ئێوارەمان لەکاتی خۆیدا لەگەڵدا دەخوات بۆ ئەوەی بتوانم سەیری ڕۆژنامەی «ملاینەس گازیت» بکەم·

«تۆ کەسێکی بێمانایت!» ڕۆزمێری گوتی و لە کتێبخانەکە هاتە دەرەوە، بەڵام نەگەڕایەوە ژووری نووستنەکەی· چوو بۆ ژووری نووسینەکەی و لەبەردەم مێزەکەدا دانیشت· جوانە! زۆر جوانە! مەست بووم· دڵی وەکو زەنگێکی گەورە لێی دەدا· جوانە! زۆر جوانە! ڕۆزمێری دەفتەری چێکەکەی دەرکرد، بەڵام نا، لەوانەیە چێك بێ کەڵك بێت· بەدڵنیاییەوە· چەکمەجەیەکی کردەوەو پێنج پاوەندی دەرکرد· سەیری کردن و دوانی دانایەوە، سێ پاوەندەکەی تری لە دەستیدا گوشی و گەڕایەوە ژووری نووستنەکە·

نیو سەعات دواتر فیلیپ هەر لە کتێبخانەکەدا مابوو، کاتێ کە ڕۆزمێری هاتە ژوورەوە·

«من تەنها دەمەوێ پێت بڵێم»، ڕۆزمێری دووبارە خۆی بەلای دەرگاکەدا چەماندەوە و بە چاوێکی هیلاك و پڕ لە سەرسوڕمانەوە گوتی، «خاتوو سمس ئەم ئێوارەیە نان لەگەڵ ئێمەدا ناخوات»·

فیلیپ ڕۆژنامەکەی دانا· «بۆ··چی ڕوویدا؟ پەیوەست بوونی پێشتری هەبوو؟»

ڕۆزمێری هاتە ژوورەوەو لە باوەشیدا دانیشت· «سوور بوو لەسەر ئەوەی بڕوات»، ڕۆزمێری گوتی «لەبەر ئەوە من پارەم دا بەو شتە بچکۆلانە هەژارە· نەمتوانی زۆری لێ بکەم، زۆر بە نەرمییەوە» گوتی، «دەتوانم وا بکەم؟»

ڕۆزمێری ئەوەندە نابێت سەرو قژی چاك کردبوو، تۆزێ چاویشی ڕەش کردبوو، مرواریی بەخۆیەوە کردبوو· دەستی بەرز کردەوەو لە ڕوومەتی فیلیپی خشاند·

«منت خۆش دەوێت؟» ڕۆزمێری گوتی، لەکاتێکدا کە دەنگە ناسك و نەرمەکەی ڕێگری لێ دەکرد·

«من تۆم زۆر خۆش دەوێت»، فیلیپ گوتی لە کاتێکدا کە ئەو توندتر گرتییە باوەشی و پێی گوت «ماچم بکە»·

ساتێك بێ دەنگی و وەستان هەبوو·

پاشان ڕۆزمێری بە ئەفسونییەکەوە گوتی «ئەمڕۆ سندووقێکی زۆر جوان و بچووکم بینی، بە بیست و هەشت گنیی بوو· دەتوانم بیکڕم»·

فیلیپ لەسەر کۆشی لایداو گوتی «دەتوانی بچکۆلانە دەست بڵاوەکەم»·

بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ئەوە نەبوو کە ڕۆزمێری دەیویست بیڵێت·

ڕۆزمێری بە چرپەیەکەوە گوتی «فیلیپ»، پاشان سەری خستە سەر سنگی و گوتی، «من جوانم؟»